# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
# ژمارە (٢٥٨) لە ٢٠٢٤/٦/٢٦

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٣٤) لە ٢٠٢٤/٦/٢٦، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

**یەکەم:** ڕاسپاردنی سەرجەم وەزارەتەکان و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت کە پێویستە مانگانە لە دە ڕۆژی یەکەمی سەرەتای مانگ تێپەڕ نەکات لیستی مووچەی مانگی پێشوو لەگەڵ تەرازووی پێداچوونەوەی مانگانە (میزان المراجعة الشهرية) بە بێ کەموکوڕی و بە ڕەچاوکردنی تێبینی و سەرنجی چاودێری دارایی ڕەوانەی وەزارەتی دارایی و ئابووری بکەن، بە پێچەوانەوە لایەنی بەرپرسیار لێپرسراوێتی قانونی دەگرێتە ئەستۆ و ڕێکاری یاسایی بەرامبەریان دەگیرێتەبەر. بۆ ئەم مەبەستەش، پێویستە لیستی مووچەی مانگی (٧) و تەرازووی پێداچوونەوەی مانگی (٦) ی ساڵی ٢٠٢٤ پێشکەش بە وەزارەتی دارایی و ئابووری بکرێت تا کۆتایی دەوامی ڕۆژی ٢٠٢٤/٧/١٠.

**دووەم:** پێویستە لەسەر گشت وەزارەتەکان و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت کارئاسانیی پێویست پێشکەش بە تیمی دەستەی هاوبەشی وردبینی و پێداچوونەوەی هەردوو دیوانی چاودێری دارایی فیدراڵ و هەرێم بکەن، کە حاڵی حازر سەرقاڵی وردبینیی سێ مانگی یەکەمی ساڵی دارایی (٢٠٢٤)ن، لەبەر ڕۆشنایی بڕیاری پێشووی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٢٨) لە ٢٠٢٣/١٠/٢٥ کە تیایدا هاتبوو:

١. بەردەوامبوون لە هەماهەنگیی و هاوکاریی و کارئاسانیی بۆ دەستە هاوبەشەکانی وردبینیی هەردوو دیوانی چاودێریی دارایی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان و وەرگرتنی ڕێکاری یاسایی و اصوڵیی پێویست سەبارەت بەو تێبینی و سەرنجانەی کە لە ڕاپۆرتەکاندا تۆمارکراون لە دوای هەڵسەنگاندنی تێبینی و سەرنجەکان و دڵنیابوونەوە لە یاساییبوون و ڕەواییبوونیان.

٢. پێویستە یەکەکانی خەرجکردن لە هەرێمی کوردستان لە (١٠) دە ڕۆژی یەکەمی هەموو مانگێک تەرازووی پێداچوونەوە (میزان المراجعة)ی مانگی پێشووتری یەکەکانیان ئاڕاستەی

فەرمانگەی ژمێرکاریی لە وەزارەتی دارایی و ئابووریی هەرێمی کوردستان بکەن و بەرپرسیارن لە ڕاست و دروستی داتا و زانیاریی و ژمارەکانی و ڕەچاوکردنی یاسا و ڕێنمایی و ڕێبەرە کارپێکراوەکانی ژمێریاری و دارایی.

٣. وەزارەتی دارایی و ئابووری ڕێکاری یاسایی و ئیداری و دارایی و ژمێریاری پێویست دەگرێتەبەر لە بەرامبەر هەر یەکەیەکی خەرجکردن کە کەمتەرخەمیی دەنوێنن لە جێبەجێکردنی خاڵەکانی هاتوو لە سەرەوە و بەرپرسیارێتیی یاسایی لە ئەستۆ دەگرن لەم بارەیەوە.

**سێیەم:** درێژکردنەوەی ماوەی کارەکانی دەستەی هاوبەشی تیمی چاودێری دارایی فیدراڵ و هەرێم تا ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٧/١٠، و لە دوای ئەم ڕێکەوتەوە ڕاپۆرتی ئەنجامی وردبینی و پێداچوونەوەی سێ مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٤ پێشکەش بکەن، و لەم ماوەیەشدا پێویستە وەزارەتەکان و دامەزراوەکان لە نزیکترین دەرفەتدا ڕێکاری پێویست وەربگرن سەبارەت بە جێبەجێکردنی تێبینی و سەرنج و پێشنیارەکانی تیمی هاوبەشی چاودێری دارایی و پێویستە لە ڕاپۆرتەکانی داهاتووی تیمی هاوبەشدا تێبینی و سەرنجەکان کەمترببنەوە، بە پێچەوانەوە ڕێکاری یاسایی پێویست دەگیرێتەبەر. بۆ ئەم مەبەستەش، ئەنجومەنی وەزیران جەختی کردەوە لە ناوەڕۆکی نووسراوی سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٨٧٥) لە ٢٠٢٤/٦/٢٤ لە کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٣١) لە ٢٠٢٤/٥/٢٩ بڕیاری لێدرابوو.

**چوارەم:** ڕاسپاردنی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون و دیوانی چاودێریی دارایی هەرێمی کوردستان بۆ چاودێریی و بەدواداچوونی بڕگەکانی ئەم بڕیارە.

**پێنجەم:** سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

**مەسرور بارزانی**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**